# "هەتا بەردێک لە کوردستان بمێنێت ئێمە دەبێت سەنگەرمان هەر لێرە بێت"



جەستەم پارچەپارچە دەکرا بە دەم سەگەڕەشەکە نوگرەسەلمانەوە

لە دوای خۆم تەنها گوێم لە ئاهـ و پاڕانەوەی ئەنفالکراوەکان بوو کە دەست لە زنجیر بە هەڵواسراوی لە ژێر لێویکی وشک و تینوودا نووزەیان نەئەگەیشتە گوێی خۆیان. لە خوا دەپاڕانەوە سەنگەرەکەیان دەبێ کێی لێ مابێت. دەبێت نوایەک مابێت دەرگا لە عوسمان بکاتەوە؟
زۆر چاکم بیر دێت پەلی دوو کچەکەم گرتبوو لەو دیوی ئاژداخ ئەپاڕاینەوە، تو خوا جێمان مەهێڵن باپێکەوە بمرین!
گوێم لێتان گرتبوو هەندێکتان دەتانگوت بڕۆن خۆتانمان پیاهەڵمەواسن با بچووکتر بینەوە تاوەکو بە کونێکدا بچین. هەندێکتان دەتان پرسی کام ڕێگا، کام دەربەند جێگای دەرباز بوونە؟
مێردمنداڵێک، ڕەش ماندوویەک، کە دیاربوو زۆر شەکەتی شەڕەکانی بناری گل و گەرمیان بوون. بە هێمنیی بە هاوڕێکانی دەگوت "من جێتان ناهێڵم ئەگەر هەموو کوردستان ئەنفال بکرێت، چیا و هەردەکان ئەنفال بکرێت، تا بەردێک بمێنێت دەبێت سەنگەری ئێمەش لەوێ بێت و هەر لەوێش بمرین".
ماڵئاواییمان لە یەک کرد.
ئێمە بەرەو تۆپزئاوا و نوگرەسەلمان. ئێوەش بەرەو دارشتەی خۆتان. زۆری پێ نەچوو سوێندێک بوویت بە دەم پێشمەرگەکانەوە.
ناوکی ڕۆمانێک بوویت، لە پشت سنوورەکانەوە تەنها بە ڕاکال دەیانبیستی کە ئەنفال سەنگەری پێ چۆڵ نەکردیت.
کاتێکیش کە چوویتە سەر هاوڕێ شەهیدەکانت لە ئەشکەوتی "خلە" (ئەشکەوتی مەلائەحمەد). سوێندت خوارد کە دەبێت "شمشێری بەعس" لە دووا سنووری کوردستان بشکێنیت. ئەمەشت بە خوێنی باوک و برایەکت تۆمار کرد. هاوڕێ ڕەشەکەشت تەنها بە چەند هەنگاوێک نەگەیشتە ئەو تەیارەیەی ئەنفالچییان پێی هەڵهاتن و گڕی گوڕگوڕیان لێ ببووە ئاگری ئاڕ بی جی ـ یەکانی شانتان.
تۆ لە دوای ئەنفال تەنها سەنگەر و ئاوەدانی گەرمیان بوویت، بۆیە ئێستا لە ناخیاندا دەژیت.
لە ڕاپەڕیندا "بارق" شکێن بوویت، بۆیە ئێستاش دوژمن لە قەفەزەکەشدا چاوی پێت هەڵ نایە.
وەزارەت تۆی بە خەڵك نەناساند، تۆ خۆت وەزارەتت کردە سەنگەرێکی تری خزمەت بە هەژاران، بۆیە بوویت بە سیمبوڵی کەسی شەهیدان و پاشماوەی ئەنفالکراوان و پ م ـ ی فرمێسک لە چاوان.

هاوڕێ کاوە
2007/3/2